# کوردانی فەیلی و دوو سەدە لە چەوساندنەوە

نووسینی: هەوراز گەرمیانی.

وەرگێڕانی لە سویدییەوە بۆ کوردی: ئەمجەد شاکەلی.

نێوی لوڕستان، بە دەڤەری خوارووی کوردستانی ئێران دەگوترێت، کە چەندین خێڵ و هۆزی کوردی یەکگرتوو و تێکەڵ و هاوپەیمانی، تێدا نێشتەجێن. لوڕستان، لە کرماشانەوە لە لای ژوورەوە، تا دیزفوول لە لای خوارەوە، درێژەی هەیە. ئەو زنجیرە چیایەی، لەو دەڤەرەدایە و درێژەی چیاکانی زاگرۆسە، دەڤەرەکە دەکاتە دوو بەشەوە، پشتکوو[1] و پیشکوو[2]، کە بە گوێرەی جێگەی جوگرافیایان نێونراون. لوڕستانیش، وەک زۆر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لە سەردەمێکدا، جۆرە سەربەخۆییەکی، لە شێوەی میرنشینێکدا، لە ژێر فەرمانڕەوایی، والییەک یا میرێکدا، هەبووە. پێوەندی نێوان هۆزەکانی کوردی لوڕستان و دەسەڵاتی نێوەندەکیی لە تاران، هەمیشە شێوەی ناکۆکیی و دوژمنایەتیی، بە سەریدا زاڵ بووە. دانیشتووانی ناوچەی لوڕستان، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان، چەندین جار دژی کارگێڕیی نێوەندەکیی ڕابوونە. یەکێک لەو ڕابوونە مەزن و بەنێوبانگانەی، کە لە چەرخی نوێدا ڕوویداوە، لە دەڤەری پیراندوەند بووە. ئەو دەمە لە ساڵەکانی 1920ەکاندا، هۆزی "لەک" بە سەرکردەیەتی ژنەسەرکردەی "قەدەمخەیر"، ڕاپەڕین و سێ ساڵان بەرگرییان، لە سەربەخۆیی هۆزەکەیان کرد. غولام ڕەزاخان، دوا والی لوڕستان بوو، لە سەردەمی ڕەزاشای، باوکی دوایین شای ئێراندا. فەرمانی پێ کرا، کە ئەو ڕابوونەی قەدەمخەیر، بە کۆمەکی لەشکری ئێران، سەرکوت بکات، وەلێ ئەم میرە یا والییە، دژی فەرمانی شا وەستایەوە و نەیویست کۆمەک، بە لەشکری ئێران، دژ بە هاووڵاتییان و نەتەوەکەی خۆی بکات. ئەوجا، شا هێزی نوێی ناردە سەر غولام ڕەزاخان و هەم خۆی و هەم هاوزمان و ڕۆڵەکانی گەلەکەی، ناچار کرد، ڕوو بکەنە ناوچەی گەرمەسێر، کە دەکەوێتە نێو عیراقی ئێستاوە. کوڕانی غولام ڕەزاخان، لە خەباتیان دژی حوکوومەتی ئێران بەردەوامبوون، بەڵام کەمبوونی تەقەمەنی و چەک و ئامێری جەنگ و ئازووقە، بوو بە هۆی ئەوەی، ڕابوونەکەیان بە یەکجاریی شکست بخوات. لەم جۆرە ڕابوونانە، لە دەڤەری جیاوازی کوردستاندا، ڕوویان داوە و هەر ئەم ڕابوونانەش یەکێک بوون، لە هۆیەکانی مۆرکردنی پێکهاتنێک، لە نێوان عیراق و ئێران و ئەفغانستان و تورکیادا، لە ناوەڕاستی ساڵانی 1930یەکاندا، کە بە پێکهاتنی "سەعداباد"، نێوی دەرکرد. یەکێک، لە ئامانجە سەرەکەییەکانی ئەو پێکهاتنە، تاساندنی بزاڤی کورد بوو، لە سیان لەو وڵاتانەدا. خێڵ و هۆزەکانی لوڕستان، دەکرێنە دوو بەشەوە: لوڕی گەورە و لوڕی گچکە. ئەم هۆزانە، بە شێوەیەکی گشتی، لە سەر بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەز دەژین و وەدەستخستنی لەوەڕگەیش، وەک هەموو خێڵ و هۆز و خەڵکانێکی ڕەوەند، بڕیاری هاتوچۆ و کۆچ و گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە، بۆ شوێنێکی دیکە دەدات. ئەم خێڵانە لە زستاندا، لە گەرمەسێر و لە دەشتایی و دۆڵەکاندا دەژین و بە هاوینیش ڕوو دەکەنە کەژەکان و دەچنە کوێستانان. سنووری نێودەوڵەتی، هەرگیز کاری نەکردووەتە سەر ئەم خێڵە ڕەوەندانە. لە ساڵانی 1920ەکاندا و بۆ یەکەم جار، سنووری ئاشکرای نێوان عیراق و ئێران دیاری کرا و ئەو سنوورە، بوو بە هۆی ڕێگەگرتن، لە هاتوچۆی هۆزە کۆچەرەکان و نەریتی ڕەوەندیەتیی ئەوان. بەو جۆرە، هۆزە لوڕەکان، لە نێوان عیراق و ئێراندا دابەشبوون. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، لەم جۆرە ڕووداوانە ڕوویان داوە و هۆزەڕەوەندەکان ناچار کراون و بەتۆبزی لە شوێنەنیشتەجێییەکانیان و بە گوێرەی سنووری نێودەوڵەتیی نوێ، وەدەرنراون و پێیان چۆڵ کراوە. ئەو

[1] پشتکوو: پشتکۆ یا پشتێ کۆ، کە دەکاتە پشتی چیا.(وەرگێڕ)

[2] پیشکوو: پێشکۆ یا پێشی کۆ، کە دەکاتە پێشی چیا.(وەرگێڕ)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکانەی، کە پێشتر کۆچەر بوون، بە زۆریی ڕوویان کردە شارەکان. پێش 200 ساڵێک، لەم جۆرە گۆڕانکارییانە ڕوویان داوە و هەر لەبەر ئەوەشە، کە ڕەگەزی کورد، لە دەڤەرەکانی کووت، عیمارە، بەدرە، زرباتییە، عەلی ئەششەرقی، عەلی ئەلغەربی، جەلەولا، قزڕەبات و بەغدا هەن. ئەم کۆمەڵە کوردە لوڕە زۆرە، کە لە باژێڕەکاندا نیشتەجێکران، دواتر نێوی کوردی فەیلییان لێ نرا. کوردانی فەیلی لە ژیانی ئابووری بەغدادا، ڕۆڵێکی مەزنیان بینی. لە بەغدا بازاڕگەلێکی فرە هەبوون، بە تەواوی هی بازرگانان و سەرمایەدارانی کوردانی فەیلی بوون و هەزارانیشیان لە نێو ئەو بازاڕانەدا، کاری جۆراوجۆر و جیاوازییان ئەنجام دەدا. زۆریان لە چێشتخانە و هوتێلدا و وەک فرۆشیاری گچکە و بارهەڵگر(کۆڵهەڵگر، حەمباڵ، حەممالٝ)[3]، کاریان دەکرد. دانیشتووانی گەڕەکگەل و کووچە و کۆڵانگەلێکی زۆری بەغدا، کوردی فەیلی بوون، هەر بۆ نموونەش دەکرێ، بابوششێخ(باب الشيخ)، عەگدلئەکراد(عگد الأكراد) و قەنبەر عەلی(قنبر علي) باس بکرێن. هەر بەم بۆنەیەشەوەیە و نەک ڕێککەوت، ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت، کە گەورەترین باژێڕی کوردستان کوێیە؟ کورد بە گاڵتەوە دەڵێن: بەغدا!. کوردانی فەیلی ڕۆڵێکی مەزنیشیان، لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و ژیانی سیاسیدا بینیوە. شاری بەغدا، هەر لە ساڵانی 1920ەکانەوە، نێوەندێکی گرنگی ژیانی فەرهەنگی و سیاسی کورد بووە. هەزاران لاوی کورد، خوێندنی خۆیان، لە زانستگەی بەغدا تەواو کردووە و گەورەترین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییش، لە بەغدا دەرچوون. کوردانی فەیلی، پشتیوان و کۆمەککارێکی زۆر گەورە بوون، بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و یارمەتییەکی ئابووریی، گەلێک گرنگی ڕێکخراوە کوردییەکانیشیان داوە، بێجگە لە بەشداربوونێکی کاریگەریان، لە کار و چالاکیی سیاسیدا. حوکوومەتەکانی عیراق هەمووده‌م، هەڵوێستێکی نەیارانەیان، لە هەمبەر کوردانی فەیلیدا هەبووە و ڕێگەیان لێ گرتوون و لێیان قەدەغە کردوون، لەوەی، بەشداریی لە ژیانی ئابووریدا بکەن. ئەوان تووشی ڕاوەدوونان و زیندانی و لەسێدارەدان بوونە و حوکوومەتی عیراقیش، بە هەموو شێوە و ئامرازێک ویستوویەتی، لە بەغدا وەدەریان نا، و بۆ ئەوەش پاساو و هۆی زۆریان دەدۆزییەوە و دەیانگوت ، کە کوردانی فەیلی - هەرچەندە زیاتر لە دووسەد ساڵ و پتریش لە عیراق ژیاون- بە ڕەچەڵەک لە ئێرانەوە هاتوون و دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران و هەندێک جاریش، حوکوومەتی عیراق بانگاشەی ئەوەی دەکرد، کە کوردانی فەیلی، وەک بەکرێگیراو و سیخوڕی دەسەڵات، یا دەوڵەتێکی بیانی، کاریان کردووە و هەوڵی خراپەکاری و تێکدەرانەیان داوە، لە عیراقدا. ڕاستیی مەسەلەکەش ئەوە بووە، کە فەیلییەکان کورد بوون و بەشدارییەکی چالاکانەیان، لە بزاڤی کورددا هەبووە. هەڵویستی ئێرانیش، لە هەمبەر کوردانی فەیلی، هەر وەک پێشتر هێمامان بۆ کرد، هەڵوێستێکی نەرێنی بووە. ئێران، بە هەموو جۆر و شێوەیەک، هەوڵی تاساندن و لە نێوبردنی هۆزە کوردەکانی دەدا و دەیەویست میران و فەرمانڕەوایانی، سەربەخۆی لوڕستان، داپڵۆسێنێت و لەنێویان بەرێت. ئێران، هەوڵی تواندنەوەیشیانیان دەدا و بانگاشەی ئەوەی دەکرد، کە کوردانی فەیلی، بە بنەچە فارسن و ئێرانین. ڕێژیمەکانی عیراقیش، بە هەمان شێوە بانگاشەی ئەوەیان دەکرد، کە کوردانی فەیلی ، کورد نین و شێوەزاریان، بەشێک نییە لە زمانی کوردی. سەیر و سەمەرەترین شتیش ئەوەیە، کە هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان بەو درۆ و دەلەسە و بانگاشە شۆڤینیست و ڕەگەزپەرستانەی، ڕێژیمانی ئێران و عیراق قایلبوون. لەو چەشنە هەوڵانە، بەرانبەر کوردانی زازا لە تورکیا، و کوردانی هەورامی لە عیراقیش دراوە. بەشی زۆرینەی میژوونووسان و لە نێو ئەوانیشدا مێژوونووسانی کورد، هۆز و خێڵەکانی لوڕستانیان، بە هۆز و خێڵی کورد داناوە. شەرەفخانی بدلیسی(1543-1604)، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "شەرەفنامە"، کە تایبەتە، بە مێژووی گەلی کورد، و لە ساڵی 1598دا نووسراوە، دەڵێ، کە لوڕستان بەشێکە لە گەلی کورد. بدلیسی ئەمەی لە کاتێکدا نووسیوە، کە کەمترین هۆیەک، یا هیچ مەبەست و ئامانجێکی نەتەوەیی نەبووە، بۆ وەرگرتنی وەها هەڵوێست و دیتنێک. دوای ساڵی 1968، لە عیراقدا، ڕێژیمی بەعس، بە هەموو جۆر و ئامراز و شێوازێک، هەوڵی بەشبەشکردن و بڵاوەپێکردن و لێکدابڕینی

[3] بە عەرەبی "حمال".(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردانی فەیلی و لاوازکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی سیاسی و ئابوورییانی، لە بەغدادا داوە. ساڵی 1969، حوکوومەتی عیراق، دووسەد خێزانی فەیلی، لە بەغداوە دوورخستەوە بۆ ئێران. شاڵاوی دووەمی وەدەرنان و دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی، لە 1971ەوە دەستیپێکرد، و تا کۆتایی 1972 درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا، ڕێککەتننامەیەکی ئاشتی، لە نێوان عیراق و بزاڤی کورددا مۆر کرا. ئەو پێکهاتنە، وا دانرابوو، کە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێت، و بەجێ بهێنرێت. لەو شاڵاوەدا، کە کرایە سەر کوردانی فەیلی، بەشێکی زۆری ئەو پێکهاتن و بەڵێنەی، کە لە پێکهاتنی 11 مارسی 1970دا، بە کورد درابوو، بە خاسکردنی باری ژیانیان، شکێنرا. ئامانجی ئەو شاڵاوەیش زۆر ئاشکرا دیار بوو، بەوەی کە دەیەویست، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بورووژێنێت و تووڕە و لاواز بکات. پارتیی دیموکراتیی کوردستان، ساڵانی 1970-1974، مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای پێ درابوو. بەغدا، نێوەندێکی گرنگی بزاڤی کورد بوو و بۆ نموونەش ڕۆژنامەی ڕۆژانەی، پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوێ دەردەچوو[4]. هەر لە بەغداش کۆڕی زانیاریی کورد و بەشی کوردی لە زانستگەی بەغدا هەبوون. هەزاران خویندکاری کوردیش، لە بەغدا هەبوون و دەیانخوێند. لە بەغدا، بنکەی یەکیەتیی نووسەرانی کورد و نێوەندێکی فەرهەنگییش هەبوو[5]. کوردانی فەیلی لەو ماوەیەدا، پلە و جێگەی زۆر گرنگیان، لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا هەبوو. سەرۆکی یەکیەتی قوتابییانی کوردستان[6] و یەکیەتی لاوانی کوردستان و یەکیەتی ژنانی کوردستان[7] و سکرتێری گشتی پارتیی دیموکراتیی کوردستان[8] کوردی فەیلی بوون. لەو کات و هەلومەرجەدا، ڕێژیمی بەعس دەستیکرد، بە شاڵاوی زۆر گەورە و بەرین، بۆ کۆچپێکردن و دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی. بە تۆبزی و بە زۆر و بە شێوازی جیاواز، نێزیکەی 200000-300000 کوردی فەیلی ناچار کران، بازێڕەکانی بەغدا، زرباتییە، کووت، عیمارە، بەدرە، عەلی ئەششەرقی و عەلی ئەلغەربی بەجێبهێڵن. بڕێک لەو خەڵکانە، مۆڵەتی یەک حەفتەیان پێ درا، بۆ ئەوەی ماڵ و سامان و داراییان، بفرۆشن و لەکۆڵ خۆ بکەنەوە و ئەوانی دیکەیشیان، سواری ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی لەشکریی، کران و بران، بۆ سنووری ئێران و لە کاتی پەڕینەوەیاندا، بە سەر سنووردا بۆ ئێران، بۆ ترساندن و تۆقاندنیان، تەقەیان بە سەردا کرا. توندترین و سەختترین شاڵاوی وەدەرنانی فەیلییان، لە 6ی ئەپریلی 1980دا، دەستیپێکرد و ئەو ڕاونان و وەدووکەوتنە، تا ئێستاش هەر بەردەوامە. نێزیکەی 300000 کەس تووشی کۆچپێکردن بوون. ڕێژیمی بەعس، زۆربەی جاران، لە کاتی ئەو شاڵاوانەی کۆچپێکردن و دوورخستنەوەیەدا، دڕندەترین شێواز و جۆر و ئامرازی نامرۆڤانەی بەکار دەبرد. سەربازانی عیراقی، بە تەواویی، ئابڵۆقەی گەڕەک و کۆڵان و کووچەگەلێکیان دەدا و دانیشتووانیان ناچار دەکرد، کە شوێنیان بکەون، بۆ جێگە و شوێنی دیاریکراو، کە لەوێشەوە گەشتی وەدەرنان دەستیپێدەکرد و دەبران بۆ، ئەو جێیەی بڕیاری لەسەردرابوو. هەزاران جاریش وا ڕووی دەدا، کە ئەندامانی خێزانێک، لە یەکدی جوێ دەکرانەوە و دادەبڕدران. زۆرجاران ئەوانەی، کە کۆچپێدەکران، نەیاندەتوانی تەنانەت ئەو شتانەی، کە زۆر پێویستن ، لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. زۆرجاریش وا ڕووی دەدا، کە نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان، کە نەیاندەتوانی بە گواستنەوەکەدا بگەن و لەگەڵ بن، هەرچەندی کەسوکار و خزمانیان ناڕەزاییشیان دەردەبڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر، بە بێ چاودێری و یارمەتی و تیمارکردنێک، بەجێ دەهێڵران.

## کێشەی بەدران:

[4] ڕۆژنامەی ئەتتەئاخی(التاخي)، بە زمانی عەرەبی و دواتریش، برایەتیی، بە زمانی کوردی.(وەرگێڕ).

[5] کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیی"جمعیةالثقافةالكردية".(وەرگێڕ).

[6] عادیل موراد.(وەرگێڕ).

[7] زەکییە ئیسماعیل حەققی.(وەرگێڕ).

[8] حەبیب موحەممەد کەریم.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدران، چەند ساڵێک بازرگانێکی کارا بوو لە بەغدا. ئەو ئێستاکە، لە دەیەی شەشەمی تەمەنیدایە و لە ساڵی 1980وە، لە سوێد دەژی. ئەوەی بەدران دەیگێڕێتەوە، ڕێک لەگەڵ گێڕانەوەی هەزاران کوردی فەیلی دیکەدا، یەک دەگرێتەوە. کۆچپێکردن، لەتکردن و جوداکردنەوە و دوورخستنەوەی، ئەندامانی خێزان لەیەکدی، و خزم و کەسی بزربوو و زیندانیکراو. خێزانی بەدران، لە نێو یەکەم دەستەی وەدەرنراوان و کۆچپێکراواندا بوو، کە لە ئەپریلی 1980وە دەستی پێ کرد. بەدران دەڵێ: "پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، من لە نووسینگەکەی خۆم کارم دەکرد، کاتێک دیتم، دوو کەس خۆیان وەژووردا کرد، هەر بە شێوە و سیمادا ناسیمنەوە، کە سەر بە دەسگای هەواڵگرتن (مخابرات)ن. فەرمانیان دامێ، کە لەگەڵیان بڕۆم و وەدوویان کەوم، بۆ جڤینی بازرگانانی، سەر بە ژووری بازرگانیی بەغدا. گوتیان، وەزیر دەیەوێت، ئێمەی بازرگانان ببینێت. هەوڵمدا قایلیان بکەم بەوەی، کە دەبێ پێش هەر شتێک، بچمەوە ماڵێ. بەڵام ئەوان لێنەگەڕان و بە تۆبزی، سواری ئۆتۆمبیلەکەی خۆیانیان کردم. ئۆتۆمبیلەکە، نێزیکەی یەک سەعات ڕۆیشت، و ئیدی یەکسەر زانیم، ئێمە بەرەو ژووری بازرگانیی ناڕۆین. دوای ماوەیەک، گەیشتینە بینایەکی گەورە، لەوێ سەدان کوردی فەیلی دیکەی لێبوون، بە ئاشکرا پێیانەوە دیار بوو، کە پێش من بە هەمان شێوە، ڕاپێچی ئەوێ کرابوون و بەردەوامیش خەڵک و دەستەی نوێیان دەهێنایە ئەوێ. نیوەی شەو، سواری ئۆتۆمبیلە زلەکانی گواستنەوەی سەربازییان کردین. هەر یەک ئۆتۆمبیل 20-30 کەسی تێدا بوون. ئێمە پاڕاینەوە و داوامان لێکردن: لە ڕێی خودا و لەبەرخاتری خودا، مادام هەر دەرماندەکەن و دوورمان دەخەنەوە، ڕێگە بدەن با خێزانەکانمان لەگەڵماندا بن. بەڵام بێهوودە بوو و تاکە وەڵامیان ئەوەبوو، کە ئێوە دەبێ پێشتر بڕۆن و پاشان خێزانەکانتانیش دێن. دوای چوار حەفتە، لە ئێران، لەگەڵ خێزانەکەمدا یەکمان گرتەوە. ئەوان پێیان گوتم، کە ئاگادار نەبوونە و نەیانزانیوە، من چیم بە سەر هاتووە. ئەوان وایان زانیبوو، من زیندانی کراوم و نەشیانوێرابوو، سۆراخی من، لە کن دەسەڵاتداران بکەن و لە بارەی منەوە لەوان بپرسن. هەر دوای یەک حەفتە لە دوورخستنەوەی من، زەنگی دەرگای ماڵەکەمان لێدەدرێت و پێش ئەوەی یەکێک لە کوڕەکانم، پێڕابگات دەرگاکە بکاتەوە، 8-9 سەرباز ، دێنە نێو باخچەی ماڵەکەمانەوە و فەرمان دەدەن، بە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم، کە دەستیان بەرز بکەنەوە و لە ماڵ وەدەرکەون. ژنەکەم و کچەکانم، دەست بە گریان دەکەن، بەڵام سەربازەکان بێدەنگیان دەکەن. ئەوان گریابوون، چونکە ئاگاداربوون لەوەی، دەردەکرێن و دەبێ وڵات بەجێبهێڵن و هەربۆیە، لە سەربازەکان پاڕابوونەوە، کە ڕێگەیان بدەن، شتگەلێکی یەکجار پێویست، لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەڵام سەربازەکان، هیچ دەرفەتێکیان نەدابوونێ و  بە پێچەوانەشەوە، فەرمانیان دابوونێ، بچن سواری ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییانە ببن، کە لە بەردەم ماڵدا ڕاوەستابوون. بەو جۆرە لەگەڵ هەزاران خێزانی دیکەدا، وەدەرنران و دوورخرانەوە، بۆ سنووری ئێران. دەسەڵاتی عیراق، هەرچی موڵک و سامانێکی، هەمانبوو، دەستیان بە سەردا گرت". گێڕانەوەی، ئەو کارەسات و بەسەرهاتە دڵتەزێنانە، کارێکی ئاسان نییە بۆ بەدران. ئەو دەزانێت، هەزاران خێزان، ڕێک بە هەمان شێوە، تووشی وەدەرنان و دوورخستنەوە بوون و لە هەر خێزانێکیش کوڕێکیان، وەک بارمتە لێ گلدراوەتەوە و گیراوە و زیندانی کراوە. ئەمیش، کوڕێکی، وای بە سەر هاتووە و هیچ، لە بارەی چارەنووسییەوە نازانێت، ئازارێکی زۆریی پێ دەگەیەنێت. بەدران دەڵێت: "کوڕەکەم سەرباز بوو. دوای کۆچپێکردنی خێزانەکەمان، ئەو بە مۆڵەت دەگەڕێتەوە ماڵێ. کە دەگاتەوە ماڵێ، هەوارێکی خاڵیی و ماڵێکی داخراو دەبینێت. پێش ئەوەی بگاتەوە سەر جادەکە، دەسبەجێ دەگیرێت. زێتر لە 10000 لە لاوەکانمانیان گرت و وەک بارمتە گلدرانەوە و زیندانی کران. زۆرینەی ئەوان خوێندنیان تەواو کردبوو. زۆرێک لە نێو ئەواندا بژیشک و ئابووریزان و ئەندازیار و مامۆستا و ئەندازیاری کشتوکاڵ و خوێندکار بوون. کوڕەکەی من ئابووریزان بوو. کوردانی فەیلی لە ئێران تووشی بار و ڕەوشێکی یەکجار سەخت و ناخۆش بوون. زۆرینەی ئەوان خرانە نێو ئۆردووگا و کامپی پەنابەران، کە لە دەڤەرە کوردییەکانەوە، گەلێک دوور بوون. بەشێکیشیان لە باژێڕە مەزنەکانی، وەک ئیلام و کرماشان و تاران نیشتەجێ بوون. ئەوان توانییان بە جۆرێک لە جۆرەکان،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆیان بژێنن. ئێران دەیەوێت و هەوڵدەدات ئەوان و نەمازە لاوەکان بەکارببات، بەوەی، بیانکاتە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان بکات".

<u>وەرنەگرتنی هیچ جۆرە کۆمەکێک بۆ یەکگرتنەوەی خێزان:</u>

دوای نێزیکەی یەک ساڵ و نیو، مانەوە و نیشتەجێبوون لە ئێران، بەدران و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، ئێرانیان بەجێهێشت و بە پێیان ڕوویانکردە تورکیا. لەوێ لە تورکیا، پاسپۆرت و بلێتی سەفەری پەیداکرد و بەرەبەرە، خۆی گەیاندە سوێد و وەک پەنابەر خۆی ناساند. لە سوێد، بەدران، وەک زۆرینەی کوردانی دیکەی سوێد، ئەویش درێژەی بە خەباتی خۆی، لە پێناوی مەسەلەی کورددا، دا. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و مەزن بۆ بەدران، کە هەردەم لە یادی ناچێت، ئازادکردنی کوڕەکەیەتی لە زیندان، یا بە لای کەمەوە، زانینی شتێکە، لە بارەی چارەنووسییەوە. بەدران بەردەوام، پێوەندی بە ڕێکخراو و دەسگا جیاوازە جیهانی و مرۆڤایەتییەکانەوە هەبووە و هەیە و داوای کۆمەکی لێ کردوون، بەڵام ئەو پێیوایە، هیچ جۆرە تێگەیشتن و وەڵام و بەڵێنێکی، لە هیچ لایەکەوە، وەرنەگرتووە. ئەو زۆر گومانی لەوەدا هەیە، کە ئەو ڕێکخراوانە توانست و ئارەزووی ئەوەیان هەبێت، کارێک بۆ کورد ئەنجام بدەن. ئەو دەڵێت:"بە هەموو شێوەیەک و زۆر بە گەرمی، هەوڵمدا بۆ وەرگرتنی هەموو جۆرە کۆمەکێک، بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەم، لێ بێهوودە و بێ ئەنجام بوو. کێ ئارەزووی ئەوەی هەیە، گوێ لە ئێمەی کورد بگرێت؟ کێشەی کورد، مایەی ململانێ و ناکۆکی، وڵاتگەلێکی دەوڵەمەند و بەهێزە. وڵاتێکی دیکتاتۆریی وەک عیراق —کە خوارووی ئەفریقا و ئەڵمانیای نازی، لە نامرۆڤایەتی و توندوتیژی و زۆردا، تێپەڕاندووە و گەلێک لەوان لە پێشترە- و هێشتاش لە هەردوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواوە، کۆمەک و پشتیوانی دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەوان لەوێ، بەرژەوەندی ئابووریی مەزنیان هەیە و عیراقیش سەرچاوەی نەوتیی، زۆر مەزنی هەیە. تەواوی ئەو دروشمانەی لەمەڕ هاریکاری و برایەتی و مرۆڤایەتی، هەموو ڕستەی بەتاڵ و بێ واتان. با نموونەیەکت بۆ بگێڕمەوە: من پێوەندم بە ڕێکخراوی ئەمنستیی جیهانی و خاچی سوور و ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە یەکیەتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو لە سوێد و نووسینگەکەیان لە ژنێڤ، کرد، بەڵام ئەنجام چی بوو؟ من تا هەنووکەیش، هیچ شتێک، لە بارەی کوڕەکەمەوە نازانم و ناشزانم چی بە سەر هاتووە. چۆنیەتیی چارەسەرکردن و مامەڵەکردنیش، لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، کێشەی کوڕەکەم، لەو بەرسڤەی ڕێکخراوی ئەمنستیی جیهانیدا، کە لە خوارەوەیە، دەردەکەوێت. لەو نامەیەی ئەواندا، بە ئاشکرا دیارە و خویا دەبێت، کە بە ئارەزوو و ویستی خۆیان، لەمەڕ ئەو مەسەلەیەوە، کەوتوونەتە کۆمەڵێک هەڵەوە. ئەوان دەیانەوێت و هەوڵی ئەوە دەدەن، کێشەی کورد، بە جەنگی عیراق و ئێرانەوە، گرێبدەن و ببەستنەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی، کە لە کن هەمووان ئاشکرا و ڕوونە، کە کێشەی کورد، لە ڕووی دیرۆکییەوە، زۆر لەو جەنگە کۆنترە. جەنگی عیراق و ئێران، لە مانگی سێپتەمبەری 1980 بەرپا بوو، بەڵام ئێمە لە مانگی ئەپریلی 1980دا، کۆچمان پێ کرا و وەدەرنراین و دوورخراینەوە و کوڕەکەیشم، هەر لەو دەمەوە، گیرا و وەک بارمتە، زیندانیی کرا. ڕێکخراوی ئەمنستی کاتێک دەڵێت، کوڕەکەم دیلی جەنگە و دەبێت کێشەکەی بدرێت بە خاچی سوور، هەوڵدەدات و دەیەوێت، خۆی لە بەرپرسیاریەتیی بدزێتەوە و لەو کێشەیە هەڵێت. بەڵام خاچی سووریش دەزانێت، ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ڕاست نییە. لە کۆتاییشدا ئەوەی، کە ڕێکخراوی ئەمنستی، بە ئێمەی دەڵێت و ڕێنوێنی و ئامۆژگاریمان دەکات، کە بیکەین، واتە: پێوەندکردن و پاڕانەوە، لە دەسەڵاتداریەتیی عیراق، هەم کارەساتە و هەمیش شایستەی گاڵتە و پێکەنینە. ئەگەر کەسێک هەبێت بزانێت، دەسەڵاتداریەتیی عیراق چۆن کار دەکات، ئەوە ڕێکخراوی ئەمنستیی خۆیەتی، کە لە هەمووان باشتر و پتر شارەزای دەسەڵاتداریەتیی عیراقە. ڕێکخراوی ئەمنستیی بۆ خۆی، لیستەی سەدان ناوی کوردی لایە، کە لە لایەن ڕێژیمی عیراقەوە لە سێدارە دراون. ڕێکخراوی ئەمنستیی، ئەوەش دەزانێت، کە ڕێژیمی عیراق، لە کاتی جیاوازدا، 400 زارۆکی لە سێدارە داوە. ڕێکخراوی ئەمنستیی ئەوەش دەزانێت، کە ئەگەر کەسێک بیەوێت، پرسیاری ڕەوش و باری کەسوکار و خزم و نێزیکێکی خۆی، بکات، کە زیندانیی بن، لە زیندانەکانی عیراقدا، ئەوا کەسی پرسیارکەر، خۆیشی لە سێدارە دەدرێت. ئەو ئامۆژگارییەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێکخراوی ئەمنستیی، هێندە گەوجانە و بێعەقڵانەیە، وەک ئەوە وایە، کە بە جوولەکە بگوترێت، بچن لە دەسەڵاتداریەتیی نازیی بپاڕێنەوە و داوای کۆمەک بکەن، لەمەڕ کەسوکار و خزمانیان، کە لە ئۆردووگا و گرتووخانەکانی ئەواندا بوون. من هەروەها پێوەندیشم بە ڕێکخراوی دیکەی جیاواز و حیزبی سیاسیشەوە کرد، بەڵام کاردانەوەی ئەوانیش، هێندە هاندەر نەبوو. من پێش دوو ساڵێکیش، کێشەکەم خستە پێش چاوی، نوێنەرانی هەر پێنج حیزبە سوێدییەکەی، ئەندامانی پەرلەمانی سوێد، وەلێ تا ئێستا هیچ وەرامێکم نەدراوەتەوە". سەرباری هەموو جۆرە سەختی و ناخۆشی و تفت و تاڵی و کۆسپێک، هێشتاکە بەدران، ئومێدی لە دەست نەداوە و وەک باوکێک، تاکە هیوای ئەوەیە، سەرلەنوێ بە دیداری کوڕەکەی شاد بێتەوە. هەزاران باوکی کورد، کە لە هەمان ڕەوشی بەدراندان، لەو ئومێدەدا لەگەڵ بەدراندا هاوبەشن. بەدران دەڵێت:"من دەزانم نە خۆرهەڵات و نە خۆراوا و نە دوڵەتانی دیموکراتی و نە دەوڵەتانی نادیموکراتی، هیچ کارێک، بۆ ئێمە ناکەن. تاکە هیوا و پشتیوانی من، پێشمەرگەکانی کوردستانن. کاتێک کە کوردستان ڕزگار دەبێت، دەبێتە وڵاتێکی دەوڵەمەند. وڵاتێک، کە مەزنترین سەرچاوەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تێدایە. کاتێکیش ئێمە بۆ خۆمان، دەبینە خودانی نەوتی خۆمان، بەڵێ ئەودەم هەڤاڵ و دۆستمان زۆر دەبن".

نامەی ڕێکخراوی ئەمنستیی جیهانیی:

ڕێکخراوی ئەمنستیی جیهانیی

لقی سوێد/ سندووقی کۆمەکی سوێدی

1983/3/15

بەڕێز...

شەقامی...

گەورەی بەڕێز...

لە ڕێگەی...لە...بۆمان هەڵکەوت، کە ئاگاداری نیگەرانی و خەمتان بین بۆ کوڕەکەتان، کە وا دەردەکەوێت لە دەسپێکی جەنگەوە، لە زیندانی عیراقدا بێت. زۆر مخابن، ڕێکخراوی ئەمنستی جیهانی، توانستی کۆمەککردنی ئێوەی نییە. ئێمە بە شێوەیەکی گشتی، زۆر بۆمان سەختە، کار لە سەر تاکە کەسان بکەین، لە وڵاتگەلێک، کە جەنگیان تێدان. هەرچی دیلەکانی جەنگیشە، ئەوە ئەرک و کاری خاچی سوورە. ڕەنگە زیندانییش ڕاستەوخۆ، بە دیلی جەنگ نەژمێدرێت. ئایا ئێوە ڕاستەوخۆ داوای کوڕەکەتان، لە دەسەڵاتداریەتیی عیراق کردووە؟ ئەگەر کارگێڕیی دەوڵەتیی کۆچبەرانی سوێدی، مافی نیشتەجێبوون لە سوێد، بە کوڕەکەتان بدات، لەوانەیە دەرفەتێک بۆ ئەو هەڵکەوێت، بتوانێت عیراق بەجێبهێڵێت. من دەزانم، ئێوە، تا ڕادەیەک، هەموو ڕێگەیەکتان تاقی کردووەتەوە. من نامەوێت هەندێک هیوا و ئومێدتان بدەمێ و دڵخۆشتانکەم، هەر پێشتریش ڕوونم کردەوە، ئێمە هیچ کارێکمان پێ ناکرێت. بێگومان دیارە، هۆگەلێکی مرۆڤانە و هاندەرێکی زۆر لە ئارادا هەن — بیستوومە کە ژنەکەتان نەخۆشە- و ئەگەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەتان، لە دەسەڵاتداریەتیی عیراق داوا بکەن و بپاڕێنەوە، ڕەنگە هیچ سەختگیرییەکیش بۆ کوڕەکەتان چێ نەکات. لەگەڵ

قووڵایی تێگەیشتنمدا، بۆ دڵتەنگی و نیگەرانیتان و لەگەڵ هیواشمدا سەرەڕای ئەوە، بۆ یەکگرتنەوەی خێزانەکەتان بۆ جاری دووەم و لە دەرفەتێکی زوودا.

سڵاوی دۆستانەم.

ڕێکخراوی ئەمنیستی نێونەتەوەیی

بریتا گرووندین

سکرتێریەتیی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- ئەم گوتارە لە گۆڤاری Svensk-Kurdisk Journal ی ژمارە 11-12 ساڵی 1987-1988دا، کە لە لایەن "کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد-کوردستان"ەوە دەردەچوو، بە سوێدی بڵاوکراوەتەوە و لە نۆڤەمبەری 1988یشدا، کراوەتە کوردی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com